# شکۆدار بێت 11/2ڕۆژی شەهیدانی ئاشتی و سەربەخۆیی کوردستان.

لە ساڵیادی شەهیدانی ئاشتی و ئازادی و سەربەخۆیی کوردستان، چەپکێك لە حاجیلەکانی دەشتی هاموون،دەنێرین بۆ سەرمەزاری سەرجەم شەهیدانی ڕێگای ڕزگاریخوازی گەلەکەمان و سەری ڕێزو نەوازش دائەنوێنین بۆ شەهیدی سەرکردەو پێشمەرگەی ماندوونەناسی ڕێبازی سەربەخۆیخوازی نەتەوەکەمان هاوریٰ(محەمەد حەلاق)و یازدە پێشمەرگەی قارەمانی هاوسەنگەری. کە لە ڕۆژی 1995/11/2 بە ناهەق و بە دڕندانەترین شێواز لە لایەن تاقمێکی دڵ ڕەشی یەکێتی نیشتمانییەوە، تینوو بە خوێنی مرۆڤی کورد شەهید کران. کورد ئەوەندەی دەستی چۆتە خوێنی خۆی ئەوەندە دەستی نەچۆتە خوێنی داگیرکەرانییەوە ، مێژووی کورد پرە لە کوشتنی دەیان قارەمان و سەرکردە کە دوژمنان زەفەریان پێنەبردوون و کورد خۆی لە ناوی بردوون،نموونەش بۆ ئەو قسەیەمان کارەساتی بازگەی کۆییەیە، کە لە ڕۆژێکی وەکو ئەمرۆدا 12 ڕۆح بەرەو ئاسمانی نەمریی فڕین و هەمیشە بەسەر سەرمانەوەن و داوای ئاشتی و ئازادیمان لیٰ دەکەن.

هاوریٰ حەمە یەکیٰ بوو لەو تێکۆشەرانەی کە هەموو ژیانی لە ڕێگای بزاڤی کوردایەتی و پێشمەرگایەتی بەسەر برد و هاورێی ڕۆژانی شاخ و ڕۆژانی سەختی ئەنفال و تەعریب بوو. کوڕی ڕۆژی تەنگانەو دۆستی لێقەوماو و زەحمەتکێشان و ڕۆشنبیران بوو، چاو نەترسێکی جەربەزە بوو بەرامبەر بە داگیرکەرانی کوردستان ،داگیرکەرانی کوردستان برایەکیان شەهید کردو (ئایشەگوڵی)دایکیشیان دوای ئازارو ئەشکەنجەیەکی زۆر لە زیندانەکانی بەعس لە شاری هەولێر شەهید کرد، دواتریش پەیکەرەی کە ڕەمزی شێرە ژنێکی ڕۆژانی سەختی خەبات و دایکی پێشمەرگە بوو، شانازییەکی گەورەش بوو بۆ شارەکەی حاجی، لەگەڵ پەیکەری جگەر گۆشەکەی.لەو شارە بستیٰ زەوییان پیٰ ڕەوا نەبینین و پەیکەرەکانیان بۆ هەمیشە لە بەرچاو وونکردن.

بەڵام هاوریٰ محەمەد هێندە بڕوای بە کێشەی ڕەوای نەتەوەکەی هەبوو، خەونی ئەو ئەوە بوو دوای ڕزگاربوونی باشووری کوردستان دەبێت، خەبات بۆ پارچەکانی داگیرکراوەکانی تری کوردستان بکەین، بۆیە وەك سەرکردەیەکی ماندوو نەناسی شاخ و ئاشتیخوازێکی مەزن هەڵسووکەوتی دەکرد، بۆ گەراندنەوەی ئاشتی و سرینەوەی هەوری ڕەشی شەڕی کورد، بە کورد، کەچی سەرەنجام بەدەستی کورد شەهید کرا، ئەوەی کە دوژمن نەیتوانی بیکات کورد بە ئاسانی بۆی. ئەنجامدا.

هاوریٰ محەمەد دوژمنی کورد نەبوو، تەنها دوژمنی سەرسەختی ئەوانە بوو کەماڤی کوردیان پێشێل دەکرد و ڕۆڵەکانی کوردیان دەکوشت.

ڕۆژی 1995/11/2 دەستەیەك لە چەکدارانی یەکێتی لە بازگەی تۆبزاوای شاری کۆیە، لە کەمینێکی نەخشە بۆ داڕێژراودا، هاوریٰ محەمەد و هەڤاڵانیان دانە بەر دەسترێژی گوللەو دواتریش لە معەسکەر سەلامدا بە دڕندانەترین شێوە و دوور لە هەموو بەهایەکی ئەخلاقی و مرۆڤایەتی، بە پێچەوانەی لائیحەی ماڤ مرۆڤ و دوور لەپرەنسیب و پەیڕەو پرۆگرامی نووسراوی یەکێتی کە دیل کوشتن قەدەغەیە، شەهیدیان کردن. دوای کۆبوونەوەی ئەوکاتەی بیرۆی سیاسی پارتی کاری سەربەخۆ و مەکتەبی سیاسی یەکێتی، بۆ دامرکاندنەوەی ڕق و تووڕەیی جەماوەری تینووی ئاشتی و دژ بەشەڕ، مەکتەبی سیاسی ینك بە لێنیاندا کە بە پێی یاسا مامەڵە لەگەڵ بکوژان دەکەن و ڕێگا نادەن چیتر تاوانباران دەستبخەنە خوێنی پێشمەرگە دێرینەکان و ڕۆڵە بە ئەمەکەکانی ڕۆژانی سەختی کوردایەتی، کەچی بەداخەوە وا 12 ساڵ بەسەر ئەم تاوان و کارەساتە گەورەیە تێدەپەڕێت، کەچی ینك هیچ هەنگاوێکی جیدی لەو بارەیەوە نەناوە.

ئێمە وەك بنەماڵەی شەهیدان و ڕەوایی کێشەکەمان و پاراستنی ماڤ گەلەکەمان و ڕۆڵە بە ئەمەکەکانمان، داوا لە سەرکردایەتی یەکێتی نیشتمانی دەکەین، کە پابەند بن بە بەڵێنەکانی خۆیان، کە دەبووایە بکوژانی هاوریٰ محەمەد و هەڤاڵانی تا ئێستا دادگایی کرابان و سزایی خۆیان وەربگرتایە، بەڵام وادیارە سەرکردایەتی ینك هیچ حسابێك بۆ خوێنی ڕۆڵەکانمان و باری دەروونی ئێمە ناکات.

ئەمرۆ بە بۆنەی12 هەمین ساڵیادی ئەو شەهیدە قارەمانانە و ئەم کارە نارەواییەی یەکێتی داوا لە حکومەت و پەرلەمانی کوردستان دەکەین کە ڕێگربن لە بەفیڕۆچوونی خوێنی ڕۆڵەکانی گەلەکەمان،وە پێویستە سەرانی (ینك)یش ڕێز لە بە لێنەکانی خۆیان بگرن و بکوژانی ئەو پۆلە پێشمەرگە تێکۆشەرە ڕادەستی دادگا بکەن و بە سزای خۆیانیان بگەیەنن.ئێمە وەك بنەماڵەی شەهیدانی بازگەی تۆبزاوا، لەم هەل و مەرجەی ئەمرۆی کوردستاندا، هەمیشە خۆمان بە پێشمەرگە دەزانین و بە لێن بۆ حکومەتی کوردستان نویٰ

دەکەینەوە، کە هەمیشە لە سەنگەری پێشەوەی بەرگریکردن بین لە خاکی کوردستان و پاراستنی ئەو ئەزموونەی کە بە خوێنی ڕۆڵەکانی ئێمە بەرهەم هاتووە.ئێمە حەز بە تەبایی و ئاشتی نێوان سەرجەم لایەنەکان دەکەین، بە یەکدەستی و تەبایی لایەنەکان، ژیانی ڕۆڵەکانمان پارێزراو دەبێت.با خوێنی شەهیدەکانمانن ببێت بە سیمبۆلی ئاشتی و پێکەوە ژیان.
نەمری وسەربەرزی بۆشەهیدی سەرکردە محەمەد حەلاق و سەرجەم شەهیدانی بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردستان

بنەماڵەی شەهیدانی

11/2بازگەی تۆبزاوا

/